# قەوم



نوسینی: ئومێد لەتیف

بەو پرچە خامە ڕەنگ خۆڵەمێشی یەتەوە
بۆم بڕوانە...
نەک بیکەیتە ڕەش قەترانی و
بمکەیتە دێوانە.
ئەوانە هەمووی پێچی زەمەنی بەتاڵەوەبوون
بمگرەوە...
نەوەک و خۆم لێڵ بکەم لەم خۆ کێڵانە.
ئەوەی دێت و
دەچێت، ساحێب مەتڵەبە
منێک کە لەدەم بەرەبەیانێک ڕام کردووە،
چۆن پێ ڕادەگەم ببمە
عەیارێکی عاشقی...
ئەم زەمانە!
لە ووشە بترازێ چی شک ببەم
تاک و بیکەمە سیمای
ئایندەی ئەم ژینگە
وێرانە...
بێ سەر و بەرە هەموو تەعبیرێکی ئەمڕۆ
چونکە خەڵوەتە ساحێبی
ئەو دنیاو ئێرەو ئێمەی
نەگبەت و
پەرێشانە...

Omed_arif@hotmail.com